# سێبه ریێك به ر له عه ده م!!

نامۆ سامان

له م سه ده پر له ئێشه و نه سره وته ی دڵه دا من گوڵم بۆ ده بارانی
گه ڵای شیعرم ئه دا له پرچتو ئه ستێره م بۆ داده گرتیت
مانگم ئه کرد به ئاوێنه ی نیگاکانت..
خه ونه کانم پر ده کرد له بۆنی رۆح
ئه شقم بۆ راده خستی ..
شه ماڵ بای وه شتی سیحری دڵم بوو بۆ زه مزه مه ی چاوه کانت ..
شه ماڵ نامه ی هه ناسه کانی جه سته بوو له خوتوره ی زوڵفت ده ئاڵا..
شه و په یامی ئه شقی منی پێنه بوایه ئه و شه وه شه و نه بوو
ئه و شه و ه دڵ هه رگیز سروه تی نه بوو...
له خه زان گوڵم ده چنی..
له نامۆی ئه شق ..
له دووری باوه ش..
ئه ی خه زانی ئه م ئه شقه چاو ره شه م
ئه ی په پووله ی ئه م دڵه پر له حه سره ته م
بۆ نایه ته وه یاد .. بۆ نایه ته وه یاد
بۆ ئه م سه ره پر له ته مه
ئه م دڵه پر له نه فره ته
ئه م رۆحه پر له حوزنه
به ئێواره ی کۆڵانه کانی شاردا هه ڵده واسی
بۆ خه می ئه م مرۆڤه بێ سێبه ره
به دووی سه رابی نیگایه کدا ئاواره ده که یت
بۆ نایه ته وه یاد شه وانی به زمو سه فا
ئێستاکه یش چه تری ته نیایم بۆنی تۆی لێدێت
بۆنی سێبه ر و په نجه و نیگاتی لێدێت
بۆ نایه ته وه یاد ئه ی کچی چاو ره ش
پایز له چاوه کانت ده روانێ
ئاخۆ چۆن وه رزی رنینه وه ی هه ڵکا
ئاخۆ چۆن خه زانی رۆح
به سه رابی ئه م ئه شقه دا هه ڵکا
که تۆم خۆشویست
خۆم لا خۆشه ویستر بوو
هه موو جوانێکم
لا چاو ره ش و ئازیز تر بوو
ئه م وڵاته!
له سێبه ری باڵاتا
به رگی ئاڵو واڵی پۆشی

بولبول بۆ گوڵ
گوڵ بۆ چڵ
[با] بۆ وه شت
من بۆ تۆ گۆرانینم بۆ ده چری
له و رۆژه وه بای سیحری تۆم لێبراوه
دڵ بێئۆقره یه په نجه ته زیوه ..
خه ون نییه بۆ ئه شق..
سێبه ری نییه بۆ ته نهایی..
له و رۆژه وه لێکدابراین
خه مه کانمو حه زه کانت نامۆنو
ده سته و ئه ژنۆ به سه رگریاندا گریان
دڵ ڕه ق نه بووین ئازیز ..
دڵ ڕه ق نه بووین ئه ی کچی چاو ره ش
به ڵکو ئه م دنیایه خۆی دڵ ڕه ق بوو
به ڵکو له سه رابی خه و نێکدا
خوا به به ردی سپاردین
ئیتر له و رۆژه وه
دڵمـان وه ک به رد ره ق هه ڵهاتووه
ئیتر له و ڕۆژه رۆحمان
به خه ونی نیشتیمانێکدا له به رد دراوه
ئیتر له و ڕۆژه وه
به دیار سێبه ری ته نیاییه وه
به ردێک بۆ جه نگو
گۆرانیه ک بۆ ئه شق ده ڵێین
نادهێنه وه رۆژه خۆشه کانی ته مه ن نادهێنه وه
نیگا ره شه کانی گوڵم که وه ته وقه له دڵی ئه دام نادهێنه وه
شه وانی به زمو سه فا
شه وانی شیعرو هونه ر نادهێنه وه
ئێستاکه له تاراوگه دا نوقمی گێژه ڵوکه ی وونبونم
من نه ده ستم گه یشته به رزایه کانی عه ده مو
نه عه ده می گوڵیشم تاوێک په نجه کانمی گوشی